
# ئـایا

# رسول الله ﷺ

# بەو گومەزە

# ڕازییە لەسەر

# گۆڕەکەی درووست کراوە ؟





د. إحسان برهان الدين

# ئایا رسول الله صلى الله علیه و سلم بەو گومەزە ڕازییە لەسەر گۆڕەکەی درووست کراوە؟

نووسینی

د. إحسان برهان الدین

# بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله و الصلاة والسلام

على رسول الله و على آله و

أصحابه و أزواجه و أنصاره و

من سار على سنته إلى يوم

الدين.

❖. پێش هەموو شتێك پێویستە بزانین رسول الله صلى الله عليه و سلم لەناو ژوورەکەی عائیشەی خێزانیدا الله لێی ڕازی بێت وەفاتی کرد، هاوەڵان لە پاش هەندێ گفتوگۆ و ڕاوێژ لەناو خۆیاندا و لەبەر هەندێ هۆکار کە لەوانەیە بۆ پاراستنی گۆڕی رسول الله بێت، بڕیاریاندا هەر لەو ژوورەدا بەخاکی بسپێرن، واتە دەفنی رسول الله صلى الله عليه و سلم لەوێ بە وەسیتی خۆی نەبووە وفەرموویێتی کاتێك وەفاتم کرد لەو حوجرە بمنێژن، ئەو قەولەش کە لە أبوبكر الصديق الله لێی ڕازی بێت دەیگێڕنەوە کە فەرموویەتی پێغەمبەران لەو جێگە

دەنێژرێن کە تێیدا وەفات دەکەن، ئەو قەولەش قسە لەسەر سەنەدەکەی زۆر هەیە.

❖ . ژوورەکە کە دواتر ئەبوبەکر و عومەریش الله لێیان ڕازی بێت تێیدا نێژران، سەرەتا لەگڵ و لە چڵی دارخورما درووست کرابوو، لەسەردەمی عثمان الله لێی ڕازی بێت بیناکەیان جارێکی تر بەبەرد درووست کردەوە و لەسەردەمی عبد الملك بن مروان مزگەوتەکە فراوان کرایەوە و کەوتە ناو مەزگەوتەکەوە.

❖. کاتێك عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بەڕەحمەت بێت ئەمیری مەدینە بوو دیوارەکانی حوجرەکەی بەبەردێکی ڕەش هاوشێوەی ئەو بەردانەی کەعبەی لێ درووست کراوە گۆڕی، ژوورەکەشی بەشێوەیەکی پێنج گۆشەیی (مخمس) درووست کرد بە شێوەیەك لە بینای کەعبە جیاواز بێت و لەلای باکورەوە وەکو سێ گۆشەیەك بوو، هیچ دەرگاو پەنجەرەیەکیشی نەبوو.

❖. سەبارەت بەشێوەی ژوورەکە و ئەو گومەزە سەوزەی ئێستا لەسەر گۆڕی موبارەکی ئازیزمانە صلى الله عليه وسلم،

گرنگە بزانین تاکو شەش سەد ساڵ ژوورێکی ئاسایی بوو، هیچ گومەزێکی لەسەر دروست نەکرابوو، بەڵکو ژوورێکی تەریب لەگەڵ بینای سەرجەم مزگەوتەکە و سەقفێکی ئاسایی تەختی هەبوو، نە گومەز و نە هیچ بینایەکی لەسەر درووست نەکرابوو.

❖ . کەواتە کێ ئەو گومەزەی لە سەر قەبری رسول الله درووست کرد و کەی ئەو گۆرانکارییە کرا؟ لە ڕاستیدا سەرچاوەکانی مێژوو پێمان دەڵێت یەکەمین کەس ئەو کارەی کرد و ئەو گومەزەی لەسەر حوجرەکە درووست کرد سوڵتان قەلاوونی

مەملوكی بووە لە ساڵی 678ك. بە شێوازێكی ئەندازیاری تایبەت لە دار و لە قوڕقۆشم درووستی كرد.

- . گومەزەكە لەسەردەمی الناصر حسن بن محمد قلاوون نوێژەن كراوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ساڵی 886ك ئاگرێكی گەورە لە مزگەوتەكە كەوتەوەو كاریگەری لەسەر گومەزەكەش هەبوو، هەر بۆیە لەسەردەمی السلطان قایتبای لە ساڵی سنة 887هـ جارێكی تر بە شێوەیەكی تۆكمە و قایمتر نوێژەن كراوەتەوە. بەڵام دیسان دوای چەند ساڵێك گومەزەكە شەقی برد وبۆیە جارێكی تر لە ساڵی 892 ك نوێژەن

کرایەوە وبە شێوازێکی جیاوازتر درووست کرایەوە.

- . یەکەم کەس ئەو گومەزەی بە ڕەنگی سەوز بۆیاغ کرد لە ساڵی 1253ك سوڵتان عبدالحمید بوو، پێشتر بە ڕەنگی سپی و شین و وڕەنگی تر ڕەنگ کرابوو. بەڵام لە دوای ئەوەی عەبدولحەمید سەوزی کرد ئیدی لە القبة الخضراء ناسراو و تاکو ئێستا ڕەنگەکەی وەکو خۆی مایەوەو نەگۆڕا. ئەم زانیاریانە لە کتێبی " فصول من تاريخ المدينة المنورة " علي حافظ ( لاپەڕە 127، 128 )دا هاتووە.

❖كەواتە پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم نە ژوورەکەی بۆ جێگای دەفنی خۆی دیاری کردووە و ئەو گومزەش دوای شەش سەدە لەلایەن مەمالیکەکانەوە درووست کراوە و پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم بەو گومەزە ڕازییە لەسەر گۆڕی موبارەکی لێدراوە؟ ئایا ئەو کارە لە سوننەتەکەیدا جێگای دەبێتەوە؟ وەڵامەکەش بەم شێوەیە:

❖. رسول الله صلى الله عليه و سلم وەکو لە سەحیحی مسلم ولە سوننەتی عەمەلیدا بەگشتی جێگیر بووە نەهی لەوە کردووە

گۆڕ بەرز بكرێتەوە یان یان كەسێك لەسەری دابنیشێت یان بینای لەسەر درووست بكرێت، قەبری سوننەتی ئەوەیە قەبرێكی ئاسایی بێت بەبێ بەرز كردنەوە وبیناكردن و گومەز و هیچی تر ، تەخت بیت لەگەڵ زەویدا: ( نهى النبي صلى الله عليه وسلم أن يجصَّص القبر ، وأن يقعد عليه ، وأن يبنى عليه ).

❖ . هەروەها لە صحيح مسلم دا هاتووە علي بن أبي طالب بە أبو الهياج الأسدي وتووە الله لێیان ڕازی بێت: (ألا أبعثك على ما بعثني عليه رسول الله عليه اطيب الصلاة والسلام أن لا تدع تمثالا إلا طمسته ولا قبرا مشرفا

إلا سويته) واته ناردوويەتی وبەفەرمانی رسول الله فەرمانی پێکردووه هەموو پەیکەرێك لەناو بدات و هەموو قەبرێکی بەرزیش لەگەڵ زەویدا تەخت بکات.

❖. دەرەنجامی شەرعی ئەم بەڵگانەو زۆر بەڵگەی تریش بەڕوونی نیشانی دەدات، درووست کردنی ئەو گومەزە لەسەر حوجرەکە کارێکی پێچەوانەی سوننەت بووه، دەریشیدەخات ئەو کەسەی ئەو گومەزەی لەسەر گۆڕەکە دروست کردووه و ئەوانەی دوای ئەو نوێژەنیان کردووتەوه هەموویان پێچەوانەی فەرمانی خودی رسول الله ی ئەو کارەیان کردووه، بۆیە

نەخێر فەرمانی رسول الله نەك بە درووست کردنی ئەو گومەزە نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوە بووە وئەوانەی ئەو کارەیان کردووە لە جەهل و لە لادانیان بووە لە سوننەت و ڕێبازی دینەکەیان.

❖. ئێستاش هەبوونی ئەو گومەزە واقیعێکە بۆ هەشت سەدە دەچێت بەو شێوەیە وکەس نەیتوانیوە بەلابردن دەستکاری بکات، بەڵام مانەوەی گومەزەکەش مەعنای ئەوە نییە کارێکی شەرعی و ڕاستە، بەڵکو سەرپێچییەکە و لادانێکی ڕوون و ئاشکرایە لە شەرع، زانایان هەمیشە جەختیان لەسەر ئەو ڕاستییە کردووەتەوە، تەنانەت دەستەی

گەورە زانایانی سعودیش ئەو گومەزەیان بە واقیعێك زانیوە لەبەر هۆکاری جیاواز گۆڕینی ئاسان نییە وبەو هۆیەوە قبوڵیان کردووە، نەك ئەوەی بڵێین کردارێکی شەرعییە و درووستە.

❖ . زانایان دەفەرموون هیچ گومانێك لەوەدا نییە گێڕانەوەی مزگەوتەکە وقەبرەکەش بۆ ئەو شێوازەی لەسەردەمی رسول الله دا بووە صلی الله علیە و سلم ولابردنی ئەو گومەزە مەتڵەبێکی شەرعییە وئەگەر کاربەدەستان بیانەوێت لەسەر سوننەتی رسول الله بن و دینەکەی نەگۆڕن دەبێت ئەو

گومەزە لاببرێت وەکو زانایان فەرموویانە، بۆ نموونە شێخ مقبل ابن هادي الوادعي.

❖. لە خراپییەکانی هەبوونی ئەو گومەزە ئەوەیە زۆرێك لە قبورییەکان هەبوونی ئەو گومەزە دەکەن بەبەڵگە وبیانوو لەسەر درووستکردنی گومەز و بەرزکردنەوەی گۆڕ و درووست کردنی بینا لەسەری، لە کاتێکدا ئەو گومەزە نە هاوەڵان و نە تابیعی و نەچەندین سەدە دوای ئەوانیش بوونی نەبووە و درووست نەکراوە، بەڵکو لەلایەن سوڵتانیکی جاهیل بە شەریعەت و لادەر کە لەسەر عەقیدەی نامۆی ئەهلی کەلام بووە و دواتر عوسمانیەکان زیاتر پەرەیان پێ داوە

و نوێژەنیان کردووەتەوەو لەلای خەڵکی ئەو گومەزەیان تەقدیس کردووە و بێگومان مەمالیك و عوسمانییەکانیش ئەوەندەی بە ئەنجامدانی بیدعەی عەقەدی و شەرعی ناسراون، هەرگیز بە شوێنکەوتنی سوننەت و عەقیدەی پاکی سەلەف نەناسراون، بۆیە بە درووستکردنی ئەو گومەزە کارێکی ناشەرعی و خیلافی سوننەتیان کردووە.

❖. پێشەوا الصنعاني درووست کردنی ئەو گومەزەی بە جەهل وبەلادان لە سوننەتی رسول الله صلی الله علیه و سلم ناوزەد کردووە و فەرموویەتی ئەو گومەزە نە رسول و نە هاوەڵەکانی و نە تابیعییەکان ونە

ئەوانەی دوای ئەوانیش دروستیان نەكردووە، بەڵكو هەندێك لە پاشاكانی میسر دروستیان كردووە: (فإن قلت : هذا قبرُ الرسولِ صلى اللهُ عليه وسلم قد عُمرت عليه قبةٌ عظيمةٌ انفقت فيها الأموالُ . قلتُ : هذا جهلٌ عظيمٌ بحقيقةِ الحالِ ، فإن هذه القبةَ ليس بناؤها منهُ صلى اللهُ عليه وسلم ، ولا من أصحابهِ ، ولا من تابعيهم ، ولا من تابعِ التابعين ، ولا علماء الأمةِ وأئمة ملتهِ ، بل هذه القبةُ المعمولةُ على قبرهِ صلى اللهُ عليه وسلم من أبنيةِ بعضِ ملوكِ مصر المتأخرين ، وهو قلاوون الصالحي المعروف بالملكِ المنصورِ في سنةِ ثمانٍ وسبعين وست مئة)

" تحقيقِ النصرةِ بتلخيصِ معالمِ دارِ الهجرةِ
."

❖. ئەو پرسیارەش دەمێنێت بکرێت، بۆچی تاکو ئێستا هیچ هەوڵێك بۆ لابردنی ئەو گومەزە نەدراوە کە خودی رسول الله وەکو لە فەرموودەکانی دەردەکەوێت پێی ڕازی نییە؟

❖لە ڕاستیدا لە دوای تێپەڕبوونی هەشت سەد ساڵ لە هەبوونی ئەو گومەزە سەوزە، لابردني کارێکی ئەستەمە و ئاسان نییە، تەنانەت پێشەوایانی بانگەوازی نەجدی کاتێك هەموو گومەزەکانیان بەسەر گۆڕەکانی نەجد و حیجاز وگۆڕستانی

بەقیعەوە لابرد، ئەو گومەزە سەوزەی سەر حوجرەکەی عائیشەیان لانەبرد کە رسول الله و هەردوو هاوەڵەکەی تێدا نێژراون.

❖ هۆکاری سەرەکیش لەوانەیە ئەوە بێت بەراوردی هێشتنەوەو لابردنیان کردبێت و زیانەکانی لابردنیان بەگەورەتر زانیبێت لە زیانی مانەوەی، چونکە خەڵکی عەوام پێی ناچێت لەسەرانسەری جیهان ئەو مەسەلەیان پێ هەزم بکرێت و بە ئاسایی وەریبگرن و ئەگەری زۆرە وا گومان ببەن ئەوە سووکایەتییە بە قەبری رسول الله صلی الله علیه و سلم.

❖بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە لابردنی قوببەکە لەئێستادا کارێکی ئاسان نییە و ناکرێت، ئەوە مەعنای ئەوە نییە کە حوکمی ئەو قوببەیە بۆ خەڵکی باس نەکرێت کە کارێکی ناشەرعییە، بۆ ئەوەی لە زەینی خەڵکیدا بەهەڵە نەچەسپێت کە هەبوونی ئەو گومەزە کارێکی شەرعییە و ئەگەر ئەو کارە لە سەر قەبری تریش دووبارە بکرێتەوە وابزانرێت درووستە هەروەها لەبەر ئەوەی - وەکو شێخ سلیمان العلوان دەڵێت - هەمیشە خەڵکی حوکمە ڕاست و شەرعییەکەی ئەو کارە بزانین وئەو گومەزە نەکەن بە بەهانەی درووستکردنی بینا و گومەز لەسەر گۆڕەکان، بۆیە ئەگەرچی لابردنەکە

له ئێستادا جێبەجێیش نەکرێت بەڵام بۆ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان فەرمانڕەوایەکی موسوڵمان بێت بزانێت ئەوە خیلافی سوننەتی رسول الله یە و ئەو گومەزە لابدات، پێویستە هەمیشە بەیانی ئەوە بکرێت بوونی ئەو گومەزە مەعنای ئەوە نییە کارێکی باش و شەرعییە.

إحسان برهان الدين

5صفر 1448هـ - 19 تموز 2026م

سلێمانی